له بڵاو كراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت

# چــل فـه‌رمـووده‌ی نـــاوازه‌و ئـاســـان

# سه‌باره‌ت به‌ فه‌زڵ وخوێنـدنی قورئان

أحمد بن عبدالرزاق بن محمد آل إبراهيم العنقري

وه‌رگێڕانی

پشتیوان حه‌سه‌ن كه‌ره‌م

---

ماڵپه‌ری به‌هه‌شت

ba8.org

ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه‌ و له‌پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه‌ كه‌ سه‌له‌فی صالّح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه‌ سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه‌.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدُ للهِ ربِّ العالمين والصَّلاة والسَّلامُ على نَبينا مُحَمَّدٍ وآلِهِ وصَحْبِهِ أَجْمَعِيـن...

أمَّا بَعْدُ:

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەست و دیدەت بریتیە لە دەقی چل فەرموودەی صحیح کە کۆمکردوونەتەوە پەیوەست بە فەزڵ و ئەحکام و ئادابی قورئان. وە لەم کارەشمدا بەپێی توانا هەوڵم داوە و سووربوومە لەسەر ئەوەی کە فەرموودەیەك دابنێم وبنووسم کە وشەو گوزارشتەکەی سانا و سادە بێت بۆ تێگەیشتن و بۆ ئەوەی لەبەریش بکرێت و کردەوەی پێ بکرێت و سوودی هەبێت.

جا ئەوەی وردبێتەوەو بیربکاتەوە لەو فەرموودانەی کەلە پێغەمبەری خواوە هاتوون ﷺ سەبارەت بە قورئان و فەزڵەکانی, ئەوەی بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت کە تایبەت نین تەنها بە لەبەرکردنی قورئان و جوان خوێندنەوەی و دەنگخۆشی تێیدا, بەڵکو ئەوەی بە تێڕامانەوە فەرموودەکان دەخوێنێتەوە دەگاتە ئەو ڕاستیەی کە فەرموودەکان هاتوون بەمەبەستی هاندانی موسڵمان بۆ خوێندنی ئەو زانستەی

کەلەقورئاندایە و کردەوە پێکردنی و خوێندنەوەی و لەبەرکردنی و بانگەواز بۆ کردنیشی.

وە لە کۆتاییدا داوا لە برا و خوشکەکانم دەکەم بۆ دەستگرتن و پەیوەست بوون بە قورئان و سوننەتی صحیحەوە و کارپێکردنیان بە ڕواڵەت و ناخەوە, و وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەوانەی پێچەوانەو دژیانن لە بیدعە و سەرپێچی و کەمتەرخەمی.

**وە جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم کتێبە پۆلێن کراوە بۆ چەند بەشێك بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**بەشی یەکەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی خوێندنەوەی قورئان.

**بەشی دووەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ئاداب و ئەحکامەکانی قورئان.

**بەشی سێیەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی لەبەرکردنی قورئان و پاداشتی خاوەنەکانیان.

**بەشی چوارەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە پێداچوونەوەی لەبەرکردنی قورئان و وابەستەبوون پێیەوە.

**بەشی پێنجەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ڕێگەدان بە دەنگخۆشکردن لەکاتی خوێندنی قورئاندا.

**بەشی شەشەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ئیخلاص و پاڵفتەکردنی کاروکردەوەکان تەنها بۆ خوا.

**بەشی حەوتەم:** ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی هەندێك لە سورەتەکان.

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای میهرەبان کە سەرکەوتووم بکات و کارئاسانیم بۆ بکات بۆ ووتنی حەق و بەردەوام بوون لەسەری و ئیخلاصم پێ ببەخشێت لە گوفتارو کرداردا, وە داوای لێ دەکەم لە ئێمە و دایك وباوکمان و ئەوانەی مردوون و ئەوانەشی زیندوون لە خێزانەکم خۆش بێت, و هەروەها لە مامۆستاکانمان و موسڵمانانی ژن و پیاویش...

وصل اللهم وسلم على نبينا محمدٍ وعلى آلهِ وصحبه أجمعين.

نوسەر

## چۆنێتی لەبەرکردنی فەرموودە

**یەکەم:** ئامانج لە لەبەرکردنی فەرموودە دەبێت بۆ زانست و کارپێکردنی و لابردنی جەهل بێت لەسەر نەفس.

**دووەم:** فەرموودەکان جیاوازن لەڕووی درێژی و کورتیەوە, وە بەدڵنیاییەوە برای بەڕێزم تۆش لەبەرکردنێکی چەسپاوت دەوێت کە بمێنێتەوە لەمێشکتدا نەوەك لەبەرکردنێك کە دوورنیە یەك ڕۆژ بمێنێتەوەو پاشان بڕوات و بیربچێتەوە.

**جا برای خۆم فەرموو ئەوە ڕێگە وشێوازێکی ئاسان بۆ ئەو مەبەستە:**

١. یەك فەرموودە دابنێ و سێ جار بیخوێنەوە, لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی ئەگەر هەبێت, پاشان دە جار فەرموودەکە دووبارە بکەرەوە کەمێك بە خێرایی.

٢. فەرموودەکە بۆ ماوەی ( ١٠-٢٠) جار تەنها بەشێوەی سەیرکردن و تەماشاکردنی دەقەکەی دووبارەبکەرەوە, پاشان بۆ مادەی ( ١٠-٣٠) جار بەبێ سەیرکردن دووبارەی بکەرەوە بەلەبەرکراوی.

٣. هەوڵ بدە ئەوەی لەبەرت کردووە دووبارەی بکەرەوە لەهەموو حاڵەتێکتدا (بە پێوە, بە دانیشتنەوە, پێش خەوتن, بەڕێکردن بۆ مزگەوت ...) بە دڵنیاییەوە بەرهەمەکەی دەبینی بەویستی خوا.

٤. سووربە لەسەر دووبارە کردنەوەی ئەو بەشەی لەبەرت کردووە بۆ سەد جار, وە هەرکاتێك ژمارەی دووبارەکردنەوەکەت زیاد کرد ئەوا لەبەرکردنەکەت چەسپاوتر دەبێت.

وە ئەوەشی پێویستە باس بکرێت ئەوەیە کە توانای خەڵکی بۆ لەبەرکردن جیاوازە ولەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت, وە هەمووشی لەسەر خێر وچاکەیە و پاداشت دەدرێنەوە إن شاء الله.

## دەستپێکی کتێب

عن أميرِ المؤمنينَ أَبي حَفْصٍ عُمَرَ بْنَ الخَطّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: قَالَ: رَسُولَ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ:

**«إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوِ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ»** [1]

واتە: پێشەوای باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بەڕاستی کردەوەکان بە پێی نیەتەکانن, وە بۆ هەرکەسێکیش بەگوێرەی نیەتەکەی پاداشت وەردەگرێت, جا ئەو کەسەی کۆچ کردنەکەی بۆ خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بوبێت ئەوا کۆچ کردنەکەی بۆ خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیەتی, وە ئەوەشی کۆچ کردنەکەی بۆ دەستکەوتنی دونیا بێت یان بۆ مەبەستی مارەکردنی ئافرەتێك بێت, ئەوا کۆچ کردنەکەی بۆ ئەو مەبەستەیە کە کۆچی لە پێناودا بۆ کردووە.

---

[1] {رواه البخاري و مسلم}.

**لێدوان:** لەڕاستیدا من وەکو چاولێکەریەك بۆ زانایانی پێشوومان بەم فەرموودەیە دەستم پێکرد, و وەکو لاساییکردنەوەی پێشەوای فەرموودەناسان بەبێ ناکۆکی أبو عبدالله البخاری, چونکە پێشینی ئەم ئوممەتە پێیان باش بووە کە کتێب بەم فەرموودەیە دەست پێ بکات, وەکو پێشەوا (عبدالرحمن) ی کوڕی مهدی دەڵێت: ئەوەی ویستی کتێبێك دابنێت ئەوا با بە فەرموودەکەی عومەری کوڕی خەتتاب " إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ..." دەست پێ بکات لەهەموو بەشەکانیدا, هەربۆیە ئەم کتێبەشم بەم فەرموودەیە دەست پێکرد, وەکو ئاگادارکردنەوەیەك بۆ خۆم و خوێنەر و فێرخواز بۆ ڕاستکردنەوەی نیەت لەهەموو کردەوە دیار و شاراوەکانماندا.

# بەشی یەکەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی خوێندنەوەی قورئان

## فەرموودەی یەکەم: فەزڵی خوێندنەوەو شیکردنەوەی قورئان:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ):

((وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللّٰهِ، يَتْلُونَ كِتَابَ اللّٰهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحَفَّتْ بِهِمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللّٰهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ ))[٢]

واتە: هەر کۆمەڵێك کۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوا و قورئان بخوێننەوە و موتالاّی بکەن، ئەوا بێگومان دڵئارامی دادەبەزێت بەسەریانداو، ڕەحمەت و بەزەیی دایان دەپۆشێت و، فریشتەکان چواردەوریان دەگرن و، خوای گەورەش باسیان دەکات لای ئەوانەی کەلای ئەون (فریشتەکان)، هەرکەسێك کاروکردەوەی ناتەواو بێت (دوای بخات لەوەی بگات بە پلەی بەرز) ئەوا بێگومان نەسەب و بنەماڵە و ڕەچەڵەك فریای ناکەوێت.

---

[٢] {رواه مسلم, وأبوداود وغيرهما}.

**لێدوان:** ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ ته‌نها كۆمه‌ڵ ناگرێته‌وه‌ واته‌ مه‌رج نیه‌ كۆمه‌ڵه‌ كه‌سێك بن, به‌ڵكو یه‌ك كه‌سیش ده‌گرێته‌وه‌, بۆیه‌ ئه‌گه‌ر ته‌نها یه‌ك كه‌سیش هه‌ستێت به‌و كاره‌ و یادی خوا بكات ئه‌وا ئه‌و فه‌زڵانه‌ی كه‌ له‌ فه‌رمووده‌كه‌دا ئاماژه‌یان بۆ كراوه‌ ده‌یگرێته‌وه‌و به‌شدار ده‌بێت تێیدا.

## فه‌رمووده‌ی دووه‌م: خوێندنه‌وه‌ی یه‌ك پیت له‌ قورئان به‌رانبه‌ره‌ به‌ ده‌ چاكه‌

عَنْ عَبْدَ اللهِّ بْنَ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ:

" مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِّ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ، وَالحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لَا أَقُولُ ( الم ) حَرْفٌ، وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ وَلَامٌ حَرْفٌ وَمِيمٌ حَرْفٌ " [٣]

واته‌: ئه‌وه‌ی پیتێك بخوێنێته‌وه‌ له‌ كتێبه‌كه‌ی خـوا ئه‌وا به‌هۆیه‌وه‌ ده‌ چاكه‌ی ده‌ست ده‌كه‌وێت, وه‌ چاكه‌یش به‌ ده‌ ئه‌وه‌نده‌ی خۆی تۆمار ده‌كرێت, من ناڵێم (الـم) پیتێكه‌, به‌ڵكو (ألف) پیتێكه‌ و (لام ) پیتێكه‌ و ( میم ) پیتێكه‌.

---

[٣] {رواه الترمذي و الدارمي} وقال أبو عيسى هذا حديث حسن صحيح غريب, و صححه الألباني في المشكاة برقم (٢١٣٧/٢٩).

## فەرموودەی سێیەم : شەفاعەت کردنی قورئان بۆ خاوەنەکەی لە ڕۆژی دواییدا

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِي (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ:

**" اقْرَءُوا الْقُرْآنَ، فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ "**(٤)

**واتە: قورئان بخوێنن, چونکە لە ڕۆژی دواییدا دێت و دەبێتە تکاکار وشەفاعەت دەکات بۆ خاوەنەکەی.**

### لێدوان:

**لەم فەرموودەیەدا بەڵگەی تێدایە لەسەر هەبوونی شەفاعەت لەرۆژی دواییدا ئەمەش بە جیاوازی جۆری شەفاعەتەکان و ئەو کەس و شتانەشی کە شەفاعەت دەکەن, وە شەفاعەت بەجێ نایەت و ڕوونادات تەنها بۆ کەسی یەکخواپەرست نەبێت, و کەسی هاوبەش پەیداکەر هیچ جۆرە شەفاعەتێك نایگرێتەوە, با لەهەموو کەس زیاتر قورئانی لەبەر بێت و بە چاکیش لەبەری کردبێت, ئەوەش لەبەر ئەوەی هەموو کردەوەکانی لەدونیادا بەهۆی شیرکەوە پووچەڵ بەتاڵ بوونەوە و بەهەمان شێوە لە دوارۆژیشدا, پەنا بەخوا لە شیرك و هاوبەش پەیداکەران.**

---

(٤) {رواه مسلم}

## فەرموودەی چوارەم: نموونەی قورئان خوێنی بڕوادار و دووڕو:

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم):

" مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا طَيِّبٌ. وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ، لَا رِيحَ لَهَا وَطَعْمُهَا حُلْوٌ. وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ الرَّيْحَانَةِ، رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ. وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْحَنْظَلَةِ، لَيْسَ لَهَا رِيحٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ ".[٥]

واتە: (أبو موسی)ی (ئەشعەری)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

نموونەی بڕواداری قورئان خوێن وەك نموونەی بەهێیە، واتە بۆنی خۆشە و تامیشی خۆشە، نموونەی بڕواداری قورئان نەخوێنیش وەك خورما وایە، بۆنی نی یە و تامی شیرینە، نموونەی دووڕووی قورئان خوێن وەك ڕەیحانە وایە بۆنی خۆشە و تامی تاڵە، نموونەی دووڕووی قورئان نەخوێنیش وەك کوژاڵکە وایە، بۆنی نی یە و تامیشی تاڵە.

---

(٥) {متفق عليه}

## فەرموودەی پێنجـەم: پاداشتی ئەو کەسەی قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێت و ئەوەشی زمانی تەتەڵە دەکات:

عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم):

" الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ، وَالَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَتَتَعْتَعُ فِيهِ، وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ، لَهُ أَجْرَانِ ".

وفي رواية: " وَالّذي يَقرؤُهُ وَهُوَ يَشتَدُّ عَلَيهِ لَهُ أَجْرانِ ".[٦]

واته: (عائشه) (رضي الله عنها) دەڵێ:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

کەسێ قورئان بەڕەوانی بخوێنێتەوە لەگەڵ فریشتەچاك و پاك و بەڕێز و نزیکەکانی بارەگای خوایی دەبێت، کەسێکیش قورئان دەخوێنێت و دەمی تەتەڵە دەکات تیایدا و لەسەرشانی زەحمەت وناڕەحەتە ، دوو پاداشتی بۆ هەیە.

---

(٦) {رواه البخاري و مسلم, واللفظ للمسلم, وأهل السنن}.

## فەرموودەی شەشەم: فەزڵی خوێندنی قورئان لە نـــــوێـــژدا:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ):

" أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ أَنْ يَجِدَ فِيهِ ثَلَاثَ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ)). قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ: ((فَثَلَاثُ آيَاتٍ يَقْرَأُ بِهِنَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثِ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ ".[٧]

واتە: (أبوهريرە) (﵁) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ئایا یەکێکتان پێی خۆشە کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوەیان، لەوێ سێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەو لەماڵیان بێت؟ وتمان: بەڵێ فەرمووی: دە هەرکەسێکتان لەنوێژەکەیدا سێ ئایەت بخوێنێ باشترە بۆی لەسێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەو.

---

[٧] {رواه مسلم}.

## فەرموودەی حـەوتـەم: فەزڵی ئەوانەی کردەوە بە قـورئان دەکەن:

عَن النَّوَّاس بْنَ سَمْعَانَ ط، قالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ، يَقُولُ:

**" يُؤْتَى بِالْقُرْآنِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَهْلِهِ الّذِينَ كَانُوا يَعْمَلُونَ بِهِ تَقْدُمُهُم سُورَةُ الْبَقَرَةِ، وَآلُ عِمْرَانَ»، وَضَرَبَ لَهُمَا رَسُولُ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ ثَلَاثَةَ أَمْثَالٍ مَا نَسِيتُهُنَّ بَعْدُ، قَالَ: «كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ، أَوْ ظُلّتَانِ سَوْدَاوَانِ بَيْنَهُمَا شَرْقٌ، أَوْ كَأَنَّهُمَا حِزْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ، تُحَاجَّانِ عَنْ صَاحِبِهِمَا ".**[٨] واتە: نەواسی کوڕی سەمعان دەڵێت:

بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمووی: (لەرۆژی دواییدا قورئان و ئەوانەی کە کردەوەیان پێکردووە دەیان هێنن و هەردوو سورەتی بەقەرەو ئال عمران لە پێشیانەوەن) پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو دوو سورەتەی چوواند بە سێ نموونە کە لە بیریانم نەکردووە و بیرم نەچونەتەوە: ئەوانیش: ئەو دوو سورەتە وەکو دوو پەڵە هەور, یان دوو سێبەری ڕەش کە لەنێوانیاندا نورو ڕۆشنایی هەیە (یان کەلێنێك هەیە لەو نێوانەدا کە لە یەکیانی جیاکردۆتەوە), یان وەکو دووو پۆل لە باڵندە وان کە باڵەکانیان ڕەپ کردبێت, دێن و بەرگری لە خاوەنەکانیان دەکەن.

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنِ النّـبـي (ﷺ) قالَ :

---

[٨] {رواه مسلم, وأحمد, واللفظ لأحمد}.

" مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ ويَعْمَلُ بِهِ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ طَـيِّـبَةِ الطّـعمِ طَيِّبَةِ الرِّيحِ وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ ويَعْمَلُ بِهِ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ، طَـيِّـبَةِ الطّـعمِ وَ لَا رِيحَ لَهَا ". [٩]

واتە: لە أبو موسی ئەشعەریەوە(رضي الله عنه) ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: نموونەی ئەو بڕوادارەی کە قورئان دەخوێنێت وکردەوەی پێ دەکات وەك نموونەی بەهێیە، تام خۆش و بۆن خۆشە، نموونەی ئەو بڕوادارەی کە قورئان ناخوێنیت و کردەوەی پێ دەکات وەك خورما وایە، تام خۆش و بێ بۆنە.

**لێدوان:** ابن القيم دەڵێـت: ئەهلی قورئان ئەوانەن کە زانان بە قورئان و کردەوەپێکەریشن بەوەی تێیدایە, ئەگەرچی لە دڵیاندا لەبەریان نەکردبێت, بەڵام ئەوەشی لەبەری دەکات و لێی تێ ناگات و کردەوەی پێ ناکات ئەوا لە ئەهلی قورئان ناژمێررێت هەرچەندە وەکو ڕێك و ڕاستێتی تیـر پیتەکانی قورئان ڕاست و دروست دەربکات و بیخوێنێتەوە. ((زاد المعاد)).

---

[٩] {رواه البخاري}

## فەرموودەی هـەشـتـەم: فەزڵی خوێندنی سورەتی ( البقره ) لە ماڵدا:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ:

**" لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ، إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ ".**[١٠]

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان, چونکە بەڕاستی شەیتان ڕا دەکات لەو ماڵەی کە سورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێت.**

---

(١٠) {رواه مسلم}.

## فەرموودەی نۆیەم: فەزڵی ئەو کەسەی بە ئاشکرا یان بەنهێنی قورئان دەخوێنێت:

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الجُهَني (رضي الله عنه) ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ – صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ – يَقُولُ:

" الْجَاهِرُ بِالْقُرْآنِ كَالْجَاهِرِ بِالصَّدَقَةِ، والْمُسِرُّ بِالْقُرْآنِ كالمسِرِّ بِالصَّدَقَةِ". [11]

واتە: لە عوقبەی کوڕی عامرەوە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە دەیفەرموو: ئەو کەسەی کە قورئان بە ئاشکرا (بەدەنگی بەرز) دەخوێنێتەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە بە ئاشکرا خێرو صەدەقە دەکات, وە ئەو کەسەشی کە قورئان بەنهێنی و دەنگی نزم دەخوێنێتەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە بەنهێنی خێرو صەدەقە دەکات.

[11] رواه الترمذي, وأبوداود, والنسائي, وأحمد, وقال أبوعيسى الترمذي حسن غريب و صححه الألباني في المشكاة برقم (٢٢٠٢) وفي صحيح الترمذي برقم (٣٠٩٨) وصحيح الجامع برقم (٣١٠٥).

## فەرموودەی دەیەم: حەزکردن لە گوێگرتن لە قورئان:

عَنْ عَبْدِ اللهِ بن مسعود (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم):

((اقْرَأْ عَلَيَّ الْقُرْآنَ)). قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَقْرَأُ عَلَيْكَ وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ؟ قَالَ: ((إِنِّي أَشْتَهِي أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي)). فَقَرَأْتُ النِّسَاءَ حَتَّى إِذَا بَلَغْتُ: [فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا] [النساء: ٤١] رَفَعْتُ رَأْسِي، أَوْ غَمَزَنِي رَجُلٌ إِلَى جَنْبِي، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَرَأَيْتُ دُمُوعَهُ تَسِيلُ ". [١٢]

واتە: (عبداللە)ی کوڕی (مسعود)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرمووم: ((قورئانم بەسەردا بخوێنە)) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا قورئان بەسەر تۆدا بخوێنم کە بۆ تۆ دابەزیووە؟ فەرمووی: ((من حەز دەکەم لە غەیری خۆمەوە گوێم لێبێت)) منیش سورەتی (النساء)م خوێند، هەتا گەیشتمە: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا﴾ سەرم هەڵبڕی یا پیاوێك لەلامەوە ئاماژەی بۆ کردم سەرم هەڵبڕی دەبینم چاوەکانی فرمێسکی لێ دەڕژا.

---

[١٢] {رواه البخاري و مسلم, واللفظ لمسلم}.

# بەشی دووەم
# ئاداب و ئەحكامەكانی قورئــان

## فەرموودەی یازدەیەم: حەسوودی پێ بردنی خەڵكی بۆ ئەهلی قورئان:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللهِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

" لاَ حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ عَلَّمَهُ اللهُ القُرْآنَ، فَهُوَ يَتْلُوهُ آنَاءَ اللَّيْلِ، وَآنَاءَ النَّهَارِ، فَسَمِعَهُ جَارٌ لَهُ، فَقَالَ: لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ مَا أُوتِيَ فُلاَنٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ مَا يَعْمَلُ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالًا فَهُوَ يُهْلِكُهُ فِي الحَقِّ، فَقَالَ رَجُلٌ: لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ مَا أُوتِيَ فُلاَنٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ مَا يَعْمَلُ ".[١٣]

واتە: حەسوودی پێ بردن دروست نیە مەگەر لە دوو حاڵەتدا نەبێت: پیاوێك خوا قورئانی پێ بەخشیبێت و ئەویش بە شەو و بە ڕۆژ بــیخوێنێتەوە و دراوسێیەكەی گوێی لێ بێت و بڵێت: خۆزگا ئەوەی بەو دراوە بە منیش بدرایە و ئەوجا ئەو چی دەكات منیش دەمكرد و ئەنجامم دەدا. وە پیاوێك خوای گەورە ماڵ وسامانێكی پێ بەخشیوە و ئەویش لە ڕێگای خێـر و چاكە و حەقدا سەرفی دەكات, پیاوێكیش

---

(١٣) {رواه البخاري}.

دەڵێت: خۆزگا ئەو ماڵەی بەو دراوە بە منیش دەدرا بۆ ئەوەی ئەوەی ئەو دەیکات لە خێر وصەدەقە منیش دەمکرد.

## فەرموودەی دوازدەیەم: چۆنێتی قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا ﷺ :

عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " صَلَّى فَكَانَ إِذَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ سَأَلَ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةِ عَذَابٍ اسْتَجَارَ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا تَنْزِيهٌ للهِ سَبَّحَ ".[١٤]

واتە: لە حوزەیفەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد, هەرکە بگەیشتایە بە ئایەتێك باسی ڕەحمەتی خوای بکردایە ئەوا داوای ڕەحم و لێخۆشبوونی دەکرد, وە هەرکە بگەیشتایە بە ئایەتێك باسی سزاو تۆڵەی خوای بکردایە ئەوا پەنای دەگرت بەخوا و داوای پارێزگاری دەکرد لەخوا لە سزای, وە هەرکە بگەیشتایە بە ئایەتێك باسی پاك و بێگەردی خوای تێدا بوایە ئەوا سبحان الله ی دەکرد.

---

(١٤) رواه ابن ماجة, وصححه الألباني في صحيح أبي داود برقم (٨١٥) و مختصر الشمائل برقم (٢٣٢).

وَعَنْهُ ﷺ أَنَّهُ صَلَّى إِلَى جَنْبِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْلَةً فقَرَأَ، فكَانَ إِذَا مَرَّ بِآيَةِ عَذَابٍ وَقَفَ وَتَعَوَّذَ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ وَقَفَ فَدَعَا ".(١٥)

**واتە: هەر لە حوزەیفەوە دەیگێڕێتەوە کە شەوێکیان لە تەنیشت پێغەمبەرەوە ﷺ نوێژی کردووە, هەرکاتێك کە دەگەیشت بە ئایەتی سزا دەوەستا و پەنای دەگرت بەخوا, و هەرکاتێکیش دەگەیشت بە ئایەتی ڕەحم و بەزەیی دەوەستا و دەپاڕایەوە.**

## فەرمووده‌ی سیازدەیـەم: ئەو ماوەیەی کە قورئانی تێدا خەتـم دەکرێـت:

عن عبد الله بن عمرو ﷺ ، أن النبي – صلّى الله عليه وسلم – قال له: **"اقرأ القرآنَ في شهر"** قال: إني أَجِدُ قُوةً، **قال: "اقرأ في عشرين"** قال: إني أجِدُ قُوةً، **قال: "اقرأ في خمسَ عشرةَ"** قال: إني أجِدُ قُوةَ، **قال: "اقرأ في عشر"** قال: إني أجِدُ قُوةَ، **قال: "اقرأ في سَبعٍ، ولا تزيدنَّ على ذلك".**(١٦)

**واتە: لە عبداللە ی کوڕی عەمرەوە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتوە: ئەی عبداللە قورئان لەمانگێکدا تەواو بکە, ئەڵێ: منیش ووتم: من هێزێکم تێدایە کە**

(١٥) رواه النسائي, و صححه الألباني

(١٦) {رواه البخاري و مسلم وأبوداود واللفظ له}.

بتوانم لەوە کەمتر خەتمی بکەم, ئەویش فەرمووی: لە بیست ڕۆژدا تەواوی بکە, ئەڵێ: منیش ووتم: من هێزێکم تیّدایە کە بتوانم لەوە کەمتر خەتمی بکەم, ئەویش فەرمووی: لە پازدە ڕۆژدا تەواوی بکە, ئەڵێ: منیش ووتم: من هێزێکم تیّدایە کە بتوانم لەوە کەمتر خەتمی بکەم, ئەویش فەرمووی: لە دە ڕۆژدا تەواوی بکە, ئەڵێ: منیش ووتم: من هێزێکم تیّدایە کە بتوانم لەوە کەمتر خەتمی بکەم, ئەویش فەرمووی: لە حەوت ڕۆژدا تەواوی بکە و لەوە زیاتری مەکە.

## فەرموودەی چـــواردەیەم: سوونەت وایە ئەو کەسەی دەگات بە ئایەتی سەجدە سوژدە ببات:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰہ (ﷺ): " إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي، يَقُولُ: يَا وَيْلَهُ -وَفِي رِوَايَةِ أَبِي كُرَيْبٍ: يَا وَيْلِي- أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ، وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ "{رواه مسلم}.

واتە: (ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر ئادەمیزاد ئەو ئایەتەی خوێند کە (سوجدە)ی تیّدایەو سوجدەی برد شەیتان دووردەکەوێتەوەو دەگری ، دەڵێ ئای قوڕت بەسەر ــ لەریوایەتی(ابی کریب)

قوربەسەرم فەرمان کرا بەئادەمیزاد سوجدە ببات، سوجدەی بردو بەهەشت بۆ ئەوەو ، منیش فەرمانم پێکرا کەسوجدە ببەم، رازی نەبووم ئاگر بۆ منە.

**لێدوان:** وەکو لە ڕاڤەی زانایاندا دەردەکەوێت سوژدە بردن تەنها پەیوەست نیە بە سورەتی (السجدە)ەوە, بەڵکو بۆ هەموو سوژدەکانە لە قورئاندا کە ژمارەیان پازدە سوژدەیە.

## فەرموودەی پازدەیەم: نادروستێتی دەنگ بەرزکردنەوەی قورئان خوێن ئەگەر دەوروبەری ئازاردەدا:

عَنِ الْبَيَاضِيِّ (رضي الله عنه) ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ خَرَجَ عَلَى النَّاسِ وَهُمْ يُصَلُّونَ وَقَدْ عَلَتْ أَصْوَاتُهُمْ بِالْقِرَاءَةِ، فَقَالَ:

**" إِنَّ الْمُصَلِّيَ يُنَاجِي رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَلْيَنْظُرْ مَا يُنَاجِيهِ، وَلَا يَجْهَرْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ بِالْقُرْآنِ "**. {رواه أحمد, والنسائي, والبيهقي, وصححه الهيثمي } .[١]

---

١ : و صححه الألباني في مشكاة الصابيح برقم: (٣٥/٨٥٦) بهذا اللفظ: " إِنَّ الْمُصَلِّيَ يُنَاجِي رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَلْيَنْظُرْ مَا يُنَاجِيهِ بِهِ، وَلَا يَجْهَرْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ بِالْقُرْآنِ ".

واتە: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بەسەر خەڵکیدا دەگەڕا کاتێك کەلە نوێژدا بوون و دەنگیان بەرز دەکردەوە لەکاتی قورئان خوێندنەکەیاندا لەناو نوێژدا, ئەمیش فەرمووی: لەڕاستیدا نوێژخوێن قسە لەگەڵ پەروەردگاریدا دەکات, جا با سەیری ئەو قسەیە بکات کە دەیکات (واتە ئاگادار بێ چونکە ئەو بە قورئان موناجاتی خوا دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات, جا دەبێ وریابێ کە قورئان بە شێوازێکی ناپەسەند نەخوێنێتەوە), و هەندێکتان دەنگ بەرز مەکەنەوە بەسەر هەندێکی ترتاندا لەکاتی قورئان خوێندنەکەتاندا.

## فەرموودەی شازدەیەم: ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەر ﷺ:

عَنْ قَتادة : أَنَّهُ أَتى عائِشَةَ رضي الله عنها : فَقالَ لَهَا: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: فَإِنَّ خُلُقَ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ الْقُرْآنَ ". {رواه مسلم} .

واتە: لە قەتادەوە: کە ڕۆیشتووە بۆ لای عائیشە وپێی وتووە: ئەی دایکی باوەڕداران هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ئاکار و ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش ووتی: ئایا قورئان ناخوێنیت؟ ووتم: بەڵێ, ئەویش ووتی: دە ئاکارو ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بووە.

وَ عَنْ سَعْدِ بْنِ هِشَامِ بْنِ عَامِرٍ، قَالَ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ، فَقُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، أَخْبِرِينِي بِخُلُقِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَتْ: " كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ، أَمَا تَقْرَأُ الْقُرْآنَ، قَوْلَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: {وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ} [القلم: ٤] " {رواه أحمد وهو حديث صحيح} .

واتە: لە سەعدی کوڕی هیشامەوە دەڵێت: چووم بۆ لای عائیشە و وتم: ئەی دایکی باوەڕداران, هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ئاکار و ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ (چۆن بووە), ئەویش ووتی: ڕەوشتی ئەو قورئان بووە (واتە قورئان داوای چی دەکرد ئەو بەو شێوەیە دەبوو), ئایا قورئانت نەخوێندۆتەوە, ئەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار دەفەرمویێت: {وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ}واتە: ئەی پێغەمبەر بەڕاستی تۆ لەسەر خوو ڕەوشتێکی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە و مەزنیت.

**لێـدوان:** ابن کثیـر دەڵێت: واتا پێغەمبەری خوا ﷺ , جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی قورئان و دوورکەوتنەوە لە نەهیەکانی کردۆتە سروشت و ڕەفتاری خۆی و تەبیعەتی خودی خۆی واز لێ هێناوە لەبەر ئەم مەبەستە مەزنە, جا بۆیە ئەوەی قورئان فەرمانی بە کردنی بکردایە ئەو دەستبەجێ ئەنجامی دەدا و ئەوەشی قورئان نەهی لێ بکردایە ئەو بێ دوودڵی وازی لێ دەهێناو ئەم ڕێبازەی بۆ خۆی کردبووە سروشتی خۆی, ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە خوای گەورە چەندین ڕەوشتی جوان و

پەسەندیشی تێیدا دروست کردبوو وەکو شەرم و حەیا وسەخاوەت و ئازایەتی و لێبوردەیی و سنگفراوانی و هەموو ڕەوشتە جوان و ویستراوەکان.....).[1]

## فەرموودەی حەڤدەیەم: دروستێتی خوێندنی قورئان بە سواری ئاژەڵەوە و بە ئاوازەوە:

عَنْ عَبْدَ اللهِ بْنَ مُغَفّلٍ (رضي الله عنه)، قَالَ:

" رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ يَوْمَ فَتْحِ مَكّةَ عَلَى نَاقَتِهِ، يَقْرَأُ سُورَةَ الْفَتْحِ وهو يُرَجِّعُ[2] " {رواه البخاري و مسلم وغيرهما}.

**واتە:**

**لە (عبدالله)ی کوڕی (مغفل)(رضي الله عنه) دەیوت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەساڵی ئازادکردنی مەککەدا، بەسواری ولاخەکەیەوە بەڕێگەوە سورەتی (الفتح)ی دەخوێند، بە ئاوازەوە دەیخوێند.**

---

[1] : تفسير ابن كثير, سورة القلم.

[2] : (يرجع) من الترجيع وهو ترديد القارئ الحرف من الحلق.

## فەرمووده‌ی هەژدەیـەم: نادروستێتی سەفەرکردن بە قورئانەوە بۆ خاکی بێباوەڕان و دوژمنان ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو بکەوێتە دەستیان:

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) ، قَالَ:

" نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُسَافَرَ بِالْقُرْآنِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ ".{متفق عليه} .

**واتە: عبدالله ی کوڕی ئیمامی عومەر دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری دەکرد لە هەڵگرتنی قورئان لە کاتی سەفەرکردندا بۆ خاکی دوژمن.**

وفي رواية لمسلم: " لَا تُسَافِرُوا بِالْقُرْآنِ، فَإِنِّي لَا آمَنُ أَنْ يَنَالَهُ الْعَدُو ".[١]

**واتە: بە قورئانەوە سەفەر مەکەن بۆ خاکی دوژمن, چونکە من دڵنیا نیم لەوەی قورئان بکەوێتە دەستیان.**

**لێـدوان: زانایان دەڵێن: ئەگەر دڵنیابوون لەوەی کە قورئان نادڕێنرێت یان فڕێ نادرێت لەسەر زەوی یان بێباوەڕ دەستی لێنادات ئەوا دروستە قورئان ببرێتە خاکیانەوە.**

[١] : قَالَ أَيُّوبُ: «فَقَدْ نَالَهُ الْعَدُوُّ وَخَاصَمُوكُمْ بِهِ».

## فەرموودەی نـــــۆزدەیەم: ئەو کەسە چی بکات کە قورئانی لێ تێکەڵ دەبێت لەبەر توندی وەنەوز:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قالَ:

**" إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ، فَاسْتَعْجَمَ الْقُرْآنُ عَلَى لِسَانِهِ، فَلَمْ يَدْرِ مَا يَقُولُ، فَلْيَضْطَجِعْ "**. {رواه مسلم وأحمد وأبوداود وابن ماجة والنسائي وغيـرهم} .

واته:

له ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر یەکێکتان شەو هەستا و لەکاتی قورئان خوێندنەکەیدا لێی تێك دەچوو (تێکەڵی دەکرد)، و بەو هۆیەوە نەیزانی چی دەڵێت، ئەوا با ڕابکشێت.

**لێـــدوان:**

(فاستعجم) مانای ئەوەیە کە زمانی گیربکات و بە هۆی ئەوەی کە زۆر خەوی دێت نەزانێ چی دەڵێت ئەوا لەوکاتەدا دەبێت واز لە قورئان خوێندن بهێنێت و ڕابکشێت.

## فەرموودەی بیســتــەم: ووتەی ئەو کەسەی قورئانی بەسەردا دەخوێنرێت بۆ قورئان خوێن کە پێی بڵێ: بەسە:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

**«اقْرَأْ عَلَيَّ»**، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، آقْرَأُ عَلَيْكَ، وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ، **قَالَ: «نَعَمْ»** فَقَرَأْتُ سُورَةَ النِّسَاءِ حَتَّى أَتَيْتُ إِلَى هَذِهِ الآيَةِ: {فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ، وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلاَءِ شَهِيدًا} [النساء: ٤١]، **قَالَ: «حَسْبُكَ الآنَ»** فَالْتَفَتُّ إِلَيْهِ، فَإِذَا عَيْنَاهُ تَذْرِفَانِ ".{رواه البخاري} .

واتە: :

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم:

((قورئانم بۆ بخوێنە)) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا قورئان بۆتۆ بخوێنم کە بۆ تۆ دابەزیووە؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) منیش سورەتی (النساء)م خوێند، هەتا گەیشتمە ئەم ئایەتە: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا﴾ پاشان فەرمووی: (( تا ئێرە بەسە)) سەیریم کرد بینیم چاوەکانی فرمێسکی دەڕشت.

# بەشی سێیەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی لەبەرکردنی قورئان و پاداشتی خاوەنەکانیان

## فەرموودەی بیست و یەکەم: ئەوەی قورئان فێردەبێت و خەڵکی تریش فێر دەکات لە باشترینی ئەم ئوممەتە وچاکترینێتی:

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيِّ، عَنْ عُثْمَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ قَالَ: **" خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ القُرْآنَ وَعَلَّمَهُ "**.{رواه البخاري} .

**واتە: لە أبی عبدالرحمنی سولەمیەوە ئەویش لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە (رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خێرترینتان ئەوانەن کە قورئان فێردەبن و فێری خەڵکیشی دەکەن.**

وفي رواية عند البخاري والترمذي: عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفّانَ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ: **" إِنَّ أَفْضَلَكُمْ مَنْ تَعَلّمَ القُرْآنَ وَعَلّمَهُ "**. **واتە: باشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێردەبن و فێری خەڵکیشی دەکەن.**

أبو عبدالرحمنی سولەمی (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بوو کە منی لەم شوێنەدا دانیشاند. ئەم زانایایە بۆ ماوەی چل ساڵ خەڵکی فێری قورئان دەکرد لە مزگەوتی کوفەدا.

## فەرمووەدەی بیست و دووەم: بەرزی پلەوپایەی ئەهلی قورئان ئەگەرچی کۆیلەش بن:

أَنَّ نَافِعَ بْنَ عَبْدِ الْحَارِثِ لَقِيَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ بِعُسْفَانَ، وَكَانَ عُمَرُ اسْتَعْمَلَهُ عَلَى مَكَّةَ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ مَنِ اسْتَخْلَفْتَ عَلَى أَهْلِ الْوَادِي؟ قَالَ: اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْهِمُ ابْنَ أَبْزَى، فقَالَ: وَمَا ابْنُ أَبْزَى؟ فقَالَ: رَجُلٌ مِنْ مَوَالِينَا، فَقَالَ عُمَرُ اسْتَخْلَفْتَ عَلَيْهِمْ مَوْلًى؟ فقَالَ: إِنَّهُ قَارِئٌ لِكِتَابِ اللهِ عَالِمٌ بِالْفَرَائِضِ قَاضٍ، فَقَالَ عُمَرُ أَمَا إِنَّ نَبِيَّكُمْ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ قَالَ: «**إِنَّ اللهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ**". {رواه مسلم وأحمد واللفظ لأحمد}.

واتە: لە نافعی کوڕی عبدالحارسەوە کە لەناوچەی عوسفان گەیشت بە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه)، کە پێشەوا عومەر ئەم کەسەی کردبووە کاربەدەست بەسەر مەککەوە، پێشەوا عومەر پێی ووت: چ کەسێکت لە دوای خۆت کردووە بە کاربەدەستیان؟ ئەویش ووتی: إبن أبزی، پێشەوا عومەریش ووتی: إبن أبزی کێ یە؟

ئەویش ووتی: کۆیلەیەکە لە کۆیلەکانمان, عومەریش پێی ووت: ئایا تۆ کۆیلەیەکت کردۆتە کاربەدەستیان؟! ئەویش ووتی: بەڵێ, چونکە ئەو کەسە خوێنەری قورئانە و زانایە بە فەرزەکان, عومەریش ووتی: پێغەمبەرەکەتان ﷺ فەرموویەتی: " خوای گەورە بە هۆی ئەم قورئانەوە خەڵکانێك بەرز دەکاتەوە (پایەبەرزیان دەکات) و خەڵکانێکیشی بە هۆیەوە دادەبەزێنێت.

## فەرموودەی بیست و سێیەم: ئەهلی قورئان ئەهلی تایبەتی خوای گەورەن:

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ:

**«إِنَّ للهِّ أَهْلِينَ مِنَ النَّاسِ»** قَالَ: قِيلَ: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِّ؟ قَالَ: **" أَهْلُ الْقُرْآنِ هُمْ أَهْلُ اللهِّ، وَخَاصَّتُهُ "**. {رواه النسائي وصححه الألباني}.[1]

واتە: ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێـت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوای گەورە کۆمەڵە کەسانێکی هەیە لەناو خەڵکیدا. وترا: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خـــوا؟ ئەویش فەرمووی: ئەهلی قورئان, ئەوان ئەهلی تایبەتی خوای گەورەن.

---

[1] : صححه الألباني في: صحيح الترغيب و الترهيب برقم (١٤٣٢/١٨).

## فەرموودەی بیست و چــوارەم: فەزڵی خاوەن قورئان کاتێك دەڕواتە بەهەشتەوە:

عَنْ عَبْدِ اللهِّ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه) ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "**يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ: اقْرَأْ، وَارْتَقِ، وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا، فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا** " {رواه أحمد والترمذي وأبوداود النسائي وقال أبو عيسى: هذ حديث حسن صحيح وصححه الألباني}[1].

**واتە: عبداللە ی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

**لە ڕۆژی دواییدا بە خاوەن قورئان دەوترێت: بخوێنەوە و بەرز بەرەوە, بخوێنەوە وەکو چۆن لە دونیادا دەتخوێندەوە, چونکە پلەوپایەی تــۆ لە کۆتا ئایەتدایە کە دەیخوێنیتەوە.**

## فەرموودەی بیست و پێنجەم: فەزڵی ئەو کەسەی قورئانی لەبەرە و ئەو پاداشتە گەورەیەی کە هەیەتی:

عَنْ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) ، قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَسَمِعْتُهُ، يَقُولُ: " **وَإِنَّ الْقُرْآنَ يَأْتِي صَاحِبَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حِينَ يَنْشَقُّ عَنْهُ قَبْرُهُ كَالرَّجُلِ**

---

[1] : حسنه الألباني في مشكاة المصابيح برقم: ( ٢٦/٢١٣٤).

الشَّاحِبِ، فَيَقُولُ لَهُ: هَلْ تَعْرِفُنِي؟ فَيَقُولُ: مَا أَعْرِفُكَ، فَيَقُولُ: أَنَا صَاحِبُكَ الْقُرْآنُ الَّذِي أَظْمَأْتُكَ بِالْهَوَاجِرِ، وَأَسْهَرْتُ لَيْلَكَ، وَإِنَّ كُلَّ تَاجِرٍ مِنْ وَرَاءِ تِجَارَتِهِ، وَإِنَّكَ الْيَوْمَ مِنْ وَرَاءِ كُلِّ تِجَارَةٍ، فَيُعْطَى الْمُلْكَ بِيَمِينِهِ، وَالْخُلْدَ بِشِمَالِهِ، وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ، وَيُكْسَى وَالِدَاهُ حُلَّتَيْنِ لَا يُقَوَّمُ لَهُمَا أَهْلُ الدُّنْيَا، فَيَقُولانِ: بِمَ كُسِينَا هَذَا؟ فَيُقَالُ لَهُمَا: بِأَخْذِ وَلَدِكُمَا الْقُرْآنَ، ثُمَّ يُقَالُ: اقْرَأْ وَاصْعَدْ فِي دَرَجِ الْجَنَّةِ وَغُرَفِهَا، فَهُوَ فِي صُعُودٍ مَا دَامَ يَقْرَأُ هَذًّا كَانَ أَوْ تَرْتِيلا ". {رواه أحمد وابن ماجة وصححه الهيثمي وابن كثير في تفسيره والسيوطي والألباني في السلسلة الصحيحة برقم: ٢٨٢٩ }.

واتە: بورەیدە ئەڵێت: لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووم گوێم لێبوو فەرمووی: لەرۆژی دواییدا قورئان لە وێنەی پیاوێکی ڕەنگ گۆڕاوی هیلاك دێت بۆ لای هاوەڵەکەی ئەو کاتەی کەلە لەگۆڕەکەی دێتە دەرەوە وپێی دەڵێت: ئایا دەمناسیتەوە؟ کابرایش دەڵێت: نەخێر ناتناسمەوە, ئەویش دەڵێت: من هاوەڵەکەتم قورئانم, ئەو قورئانەی کە بە رۆژ تینووتم دەکرد و بەشەو نەمدەهێشت بخەوی (بەهۆی منەوە شەونخونیت دەکرد), وە لەڕاستیدا هەموو بازرگانێك لە دوای بازرگانیەکەوەیەتی, وە ئەمرۆ تۆ لە پاش هەموو بازرگانیەکەوەیت, موڵك و سامان

دەدرێتە لای ڕاستی و نەمری ومانەوەش لای چەپی, و تاجی گەورەیی و ڕێز و شکۆیش دەکرێتە سەری و دوو جلوبەرگی خشڵێنیش دەکرێنە بەر دایك وباوکی, کە ئەهلی دونیا ناتوانن نرخ وبەهاکەی دیاری بکەن (یاخود ئەوەندە بەنرخن ئەگەر بخرێنە سەر دونیا ئەهلی دونیا ناتوانن پێوەی ڕاوەستن لەبەر قورسی و گرانبەهاییەکەی) وتراویشە واتە هەموو ئەهلی دونیا ناتوانن بەهاکەی بدەن ئەگەر نرخیان بۆ دیاری بکرێت, جا لەوکاتەدا دایك وباوکەکە دەڵێن: بەهۆی چیەوە ئێمە ئەم جلوبەرگەمان لەبەرکرا؟ پێیان دەوترێت: بەهۆی ئەوەی کە منداڵەکەتان ئەهلی قورئان بوو, پاشان پێی دەوترێت: بـخوێنە و بەرزبەرەوە بەناو ژورەکانی بەهەشتدا, ئەویش بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە مادام قورئان بە پەلە یاخود بەهێواشی دەخوێنێت.

**لێــــدوان:** زانایان دەڵێن: (کالرجل الشاحب) واتە پیاوێکی ڕەنگ وجەستە گۆڕاو بەهۆی هۆکارێکەوە وەکو نەخۆشی یان سەفەر و هاوشێوەکانی, دوورنیە کەبەو شێوەیە دەردەکەوێت بۆ پیشاندانی حاڵی خاوەنەکەیەتی لەدونیادا کە ئەویش بە هەمان شێوە بەهۆی قورئانەوە هیلاك بووە, یاخود بۆ ئەوەیە کە چۆن ئەو لەدونیادا بەهۆی قورئانەوە ئاوا ماندوو بووە لەوکاتەشدا قورئان لەهەوڵداندا بۆ خاوەنەکەی هیلاك دەبێت لەڕۆژی دواییدا هەتا پلەی بەرز و شوێنی ئاسوودەیی بۆی مسۆگەر دەکات.

## فەرموودەی بیست و شەشەم: ڕێز وشکۆی ئەهلی قورئان و دوورکەوتنەوە لە ئەزیەت و ئازاردانیان:

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (﵁) ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

**" إِنَّ مِنْ إِجْلَالِ اللهِّ إِكْرَامَ ذِي الشَّيْبَةِ الْمُسْلِمِ، وَحَامِلِ الْقُرْآنِ غَيْرِ الْغَالِي فِيهِ وَالْجَافِي عَنْهُ، وَإِكْرَامَ ذِي السُّلْطَانِ الْمُقْسِطِ ".**

{رواه أبوداود والبيهقي وحسنه الألباني}[1]

**واتە: لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لە ڕێزگرتنی خواوەیە ڕێزگرتن لە موسڵمانێکی بەتەمەن وکەسێك قورئانی لەبەربێت بەمەرجێك زیادەڕۆیی نەکردبێت تێیدا و پشتیشی لێ نەکردبێت و پشتگوێی نەخستبێت و هەروەها ڕێزگرتن لە کاربەدەستێکی دادپەروەر.**

[1] : حسنه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٢١٩٥, والمشكاة برقم: ٤٩٧٢, وصحيح الترغيب (٩٣/١).

# بەشی چوارەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە پێداچوونەوەی لەبەرکردنی قورئان و وابەستەبوون پێیەوە

## فەرموودەی بیست و حەوتەم: وابەستەبوون بە قورئانەوەو وەبیرخۆخستنەوەی:

عَنْ أَبِي مُوسَى الأشعري (رضي الله عنه)، عَنِ النَّبِيِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ قَالَ:

" تَعَاهَدُوا القُرْآنَ، فَوَالّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَهُوَ أَشَدُّ تَفَصِّيًا مِنَ الإِبِلِ فِي عُقُلِهَا ".

{متفق عليه}.

واتە: ئەبوموسای ئەشعەری دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: زۆر پەیوەست بن بەقورئانەوە و وەبیری خۆتانی بهێننەوە بەدەورکردنەوەی, چونکە سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە قورئان زووتر لەدەست دەچێت لە ووشتر لەپەتەکەی خۆی کە پێی بەستراوەتەوە.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: " **إِنَّمَا مَثَلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ كَمَثَلِ الْإِبِلِ الْمُعَقَّلَةِ، إِنْ عَاهَدَ عَلَيْهَا أَمْسَكَهَا، وَإِنْ أَطْلَقَهَا ذَهَبَتْ** ". {متفق عليه}.

**(عبدالله)ی کوڕی (عمر) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خاوەن قورئان وەك خاوەنی وشتری بەستراوە وەهایە، ئەگەر چاودێری بکات ڕایدەگرێت، ئەگەر بەریشی بدات دەڕوات.**

## فەرموودەی بیست و هەشتەم: پەیوەست بوون بەقورئانەوە بەشەو ڕۆژ ئەگەرنا بیردەچێتەوە:

عَنْ مُوسَى بْنِ عُقْبَةَ عَنْ نافِعٍ عَنِ ابنِ عُمَرَ ط قَالَ : قَالَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ):

" **وَإِذَا قَامَ صَاحِبُ الْقُرْآنِ فَقَرَأَهُ بِاللَّيْلِ، وَالنَّهَارِ ذَكَرَهُ، وَإِذَا لَمْ يَقُمْ بِهِ نَسِيَهُ** ". {رواه مسلم}.

**واتە: لەابن عومەرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر خاوەن قورئان ( ئەو کەسەی قورئانی لەبەرە) هەستا بە خوێندنەوەی قورئان بە شەو و ڕۆژ**

ئەوا بیری دەکەوێتەوەو لە مێشکیدا دەمێنێتەوە, وە ئەگەریش هەڵنەسا بەو کارە ئەوا بیری دەچێتەوە.

## لێدوان:

ئەو فەرموودانەی کە هەڕەشەئامێزن و هاتوون دەربارەی ئەو کەسەی قورئان لەبەردەکات و پاشان بیری دەچێتەوە ئەوا بە گەڕوگولی دەگاتەوە خوای پەروەردگار فەرموودەگەلێکی لاوازن و صحیح نین, بەڵکو سەختترین بێ بەشبوون بۆ ئەو کەسەی کە خوای گەورە منەتی ناوە بەسەریەوە و توانیویەتی قورئان لەبەربکات وچێژ ولەزەت وەربگرێت و ڕووی پێ نورانی بێت و پاشان بەهۆی کەمتەرخەمی و تەمبەڵی خۆیەوە بیری دەچێتەوە, ئەوا لەڕاستیدا وەرگرتنەوەی قورئانەکە لێی بەهۆی تەمبەڵیەوە و شایستەنەبوونی بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی قورئان ئائەوە بێ بەش بووە, ولاحول ولا قوة إلا بالله.

## فەرموودەی بیست و نۆیەم: کاتێك ئایەتێك یان سورەتێکی بیردەچێتەوە چی دەڵێت:

عَنِ ابْنِ مسعودٍ (رضي الله عنه) : قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ:

**" لَا يَقُلْ أَحَدُكُمْ نَسِيتُ آيَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ، بَلْ هُوَ نُسِّيَ "**. {رواه البخاري و مسلم}.

**واتە: لە ابن مسعودەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: کەستان نەڵێت ئایەتی ئەوە و ئەوەم بیرچۆتەوە, بەڵکو لەبیری براوەتەوە.**

وَعَنْهُ (رضي الله عنه) قالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ، يَقُولُ:

**" بِئْسَمَا لِلرَّجُلِ أَنْ يَقُولَ نَسِيتُ سُورَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ، أَوْ نَسِيتُ آيَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ، بَلْ هُوَ نُسِّيَ "**. {رواه مسلم}.

**واتە: لە ابن مسعودەوە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە دەیفەرموو: چەند خراپە کەسێك لە ئێوە بڵێت، سورەتی ئەوەو ئەوەم لەبیرچووە یان ئایەتی ئەوە و ئەوەم لەبیرچووە بەڵکو لەبیری براوەتەوە.**

# بەشی پێنجەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ڕێگەدان بە دەنگخۆشکردن لەکاتی خوێندنی قورئاندا

## فەرموودەی سی یەم: جوانکردن و خۆشکردنەوەی دەنگ لەکاتی قورئان خوێندندا بەگوێرەی تـــوانا:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): عَنِ الـنّـبـيّ (ﷺ) قالَ: " مَا أَذِنَ اللهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِنَبِيٍّ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ ". {متفق عليه والللفظ للبخاري}.

واتە: لە أبو هريرەوە(ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: خوا مۆڵەتی بەهیچ شتێك نەداوە وەك ئەوەی مۆڵەتی بە پێغەمبەرێکی داوە قورئان بەدەنگەوە بـخوێنێت. وتراویشە واتە: خوای گەورە گوێی بۆ هیچ شتێك لە قسەی خەڵکی نەگرتووە ئەوەندەی گوێی گرتووە بۆ قورئانێك کە بەدەنگ خۆشیەوە بخوێنرێتەوە.[1]

---

[1]: ئەمە مانای ئەوە نیە کە خوای گەورە سیفەتی (گوێ) ی هەبێت, ئەهلی سوننە نەفی ئەو سیفەتە ناکەن و اسباتیشی ناکەن لەبەر ئەوەی بەڵگەی لەسەرنەهاتووە, بۆیە بەو شێوەیە وەرمان گێڕا چونکە لە زمانی کوردیدا بۆ ووشەی (استماع) گوێ گرتن بەکاردێت. مەبەستەکە لێرەدا (بیستنە) نەوەك خودی وشەی گوێ.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

**" لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالقُرْآنِ ".** {رواهُ البخاري}.

**واتە: لە أبو هريرەوە (رضي الله عنه) دەڵێـت: پێغەمبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ئەوەی دەنگخۆش نەکاتەوەو بە دەنگەوە قورئان نەخوێنێت ئەوا لە ئێمە نیە.**

**لێـدوان: وشەی (لیس منا) واتە لەسەر ڕێنموونی و ڕێبازی ئێمە نیە.**

عَنِ الْبَرَاءِ بنِ عَازِبٍ (رضي الله عنه) ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **" زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ ".** {رواهُ أحمدُ وأبوداودُ وابن ماجةَ والدارميُ وصححه الألباني}.[1]

**واتە: لە بەرائی کوڕی عازبەوە (رضي الله عنه) دەڵێـت: پێغەمبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: قورئان جـوان بکەنەوە وبیڕازێننەوە بەدەنگەکانتان.**

---

[1] : صححهُ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب برقم (١٤٤٩) وغيره.

## فەرموودەی سی و یەکەم: ستایش کردنی کەسێك ئەگەر شایستەبێت و ئەگەری تووش بوون بەفیتنەی لێ دووربێت:

عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَبِي مُوسَى:

**" لَوْ رَأَيْتَنِي وَأَنَا أَسْتَمِعُ لِقِرَاءَتِكَ الْبَارِحَةَ، لَقَدْ أُوتِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ "**. {رواهُ البخاري و مسلم}.

واتە: لە أبی بردەوە لە (ابو موسی)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أبو موسی)ی فەرموو: کاشکی ئەمشەو بت بینایەم کە چۆن گوێم بۆ خوێندنەوەکەت شل کردبوو، بەڕاستی سازو ئاوازێکت لە ساز و دەنگخۆشیەکانی (داود)ت پێدراوە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا لای ابن حبان هاتووە کە ئەبو موسا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت: ئەگەر بمزانیبایە گوێم لێ دەگری ئەوا زیاتر دەنگم بۆت خۆش دەکردەوە.

وقد سألتُ شيخنا المحدث عبدالله السعد عن رواية ابن حبان فقال: " لا بأس بها ".

**لێدوان:** پێشەوا تەبەرانی باسی ئەوە دەكات كە عومەری كوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) بە ئەبوموسای وتووە: پەروەردگارمان بیــربخەرەوە, ئەبو موسایش قورئانی بۆ خوێندوون و دەنگی بۆیان خۆش كردۆتەوە, و پێشەوا عومەریش ووتویەتی: ئەوەی دەتوانێت قورئان خۆش بخوێنێتەوە وەكو ئەبوموسا با بیخوێنێتەوە. {و كذا رواهُ ابن حبان بلفظٍ آخَـر}.

# بەشی شەشەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ئیخلاص و پاڵفتەکردنی کاروکردەوەکان تەنها بۆ خوا

## فەرموودەی سی و دووەم: ئەوەی لە قورئان خوێندنەکەی نیەتی ریایی و پێش چاوی بێت:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) في الحديثِ الطَويل قالَ، سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: " إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ .... وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ، وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ، قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ ". {رواهُ مسلم و غيره وهذا جزء من الحديث}.

واتە: لە أبو هریرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: یەکەمین کەسێ دادگایی دەکرێت لە ڕۆژی دواییدا پیاوێکە .... فێری زانست بووە و خەڵکیشی فێرکردووە و قورئانی خوێندووە، ئەویش دەهێنرێت و باسی

ناز و نیعمەتی خۆیی بۆ دەکات و پێی دەناسێنێ ئەویش دانی پێدا دەنێت، دەفەرموێت: دەی باشە چیت تێداکردووە؟ ئەویش دەڵێ: فێری زانست بووم و خەڵکیشم فێرکردووە و لەبەر خاتری تۆیش قورئانم خوێندوە، دەفەرموێت: درۆت کرد بەڵکو بۆ ئەوە فێری بویت تا پێت بڵێن زانایە، قورئانیشت خوێندوە تا پێت بڵێن قورئان خوێنە ئەوەیشت ﴿لەدونیادا﴾ پێ وتراوە. پاشان فەرمانی پێ دەکرێت کێش دەکرێت دەمەو ڕوو هەتا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە.

**لێـــدوان:** لەم فەرموودەیەدا ئەوەی لێی دەفامرێ ئەوەیە کە هانی موسڵمانان دەدات کاروکردەوەکانیان بەتەنها بۆ خـــوا بکەن و نیەتیان ساغ بکەنەوە بۆ خوا, لەڕاستیدا کەسانێکم بینیوە کە وازیان لە لەبەرکردنی قورئان هێناوە کاتێك ئەم فەرموودەیەیان خوێندۆتەوە یان بیستویانە, بۆیە پێویستە ئەم فەرموودەیە نەبێتە ڕێگر و کۆسپ لەوازهێنان لەلەبەرکرنی قورئان بەڵکو لەسەریەتی نیەتی خۆی پاك وپاڵفتە بکاتەوە و خۆی ئامادەساز بکات بۆ ئەو کارە, چونکە بەندەی چاکەکار ئەوەیە کە نیەتی ڕێك و ڕاست دەکاتەوە و داواش لە خوا دەکات کە سەرکەوتووی بکات بۆ ئەوکارە چونکە خوا کەس بێ ئومێد ناکات کە داوای لێ بکرێت, وە هەر خوا جێگای ڕاز و نیازمانە.

## فەرموودەی سی و سێ یەم: قورئان بەڵگەیە بۆت یان بەڵگەیە بەسەرتەوە:

عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ (﵁) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ):

**" وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ: فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا ".** {رواهُ مسلمٌ وغيره}

**(ابومالك الاشعری)(﵁) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: قورئان بەڵگەیە بۆت یان بەڵگەیە لەسەرت، خەڵکی هەموویان بەیانیان زوو دەڕۆن خۆیان دەفرۆشن، بەوەش یان خۆی رزگار دەکات، یان خۆی تیادەبات. ﴿واتە: یان خۆی بەخوا دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکاتو خۆی رزگاردەکات، یان خۆی بەشەیتان دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکاتو خۆی تیادەبات﴾.**

# بەشی حەوتەم
# ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی هەندێك لە سورەتەکان

## فەرموودەی سی و چوارەم: فەزڵی سورەتی فاتیحە:

عَنْ أَبِي سَعِيدِ بْنِ الْمُعَلّى (رضي الله عنه) ، قَالَ: كُنْتُ أُصَلِّي، فَدَعَانِي النَّبِيُّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ فَلَمْ أُجِبْهُ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي، قَالَ: " **أَلَمْ يَقُلِ اللهُ: اسْتَجِيبُوا للهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ؟** "، ثُمَّ قَالَ: «**أَلاَ أُعَلِّمُكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنَ الْمَسْجِدِ**»، فَأَخَذَ بِيَدِي، فَلَمَّا أَرَدْنَا أَنْ نَخْرُجَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّكَ قُلْتَ: «**لَأُعَلِّمَنَّكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ مِنَ الْقُرْآنِ**» قَالَ: «**الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ، هِيَ السَّبْعُ المَثَانِي، وَالقُرْآنُ العَظِيمُ الّذِي أُوتِيتُهُ**". {رواهُ البخاري}.

واتە: لە ئەبی سعیدی موعەلاوە دەڵێت: نوێـژم دەکرد, پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردم و وەڵامم نەدایەوە, منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا نوێژم دەکرد, ئەویش فەرمووی: ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە: ﴿ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە وەڵامی خواو پێغەمبەر بدەنەوە کاتێك بانگتان دەکەن﴾؟, پاشان فەرمووی: ئایا مەزنترین سورەتت پێ نەڵێم پێش ئەوەی لە مزگەوت بچیتە دەرەوە؟ دەستی گرتم, و

کاتێك ویستمان بچینە دەرەوە, ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ وتت, مەزنترین سورەتت پێ دەڵێم, ئەویش فەرمووی: الحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ العَالَمِينَ، بریتیە لەو حەوت ئایەتەی کە زۆر دووبارە دەبێتەوە (لەنوێژەکاندا) و ئەو قورئانەی گەورەیەی کە پێم دراوە.

**لێـــدوان:** سورەتی فاتیحە پایەیەکە لە پایەکانی نـوێـژ وەکو چۆن لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە, وە نوێژ دروست نیە بەبێ خوێندنی ئەو سورەتە, بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان کە خوێندنەوەکەی ڕاست و دروست بکاتەوە بۆ خوێندنی سورەتی فاتیحە لەسەر دەستی مامۆستایەکی مۆڵەت پێدراو لە قورئاندا بەبێ زۆر ڕۆچوون و سەرلەخۆتێکدان, وە ئەی برای بەڕێزم هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی کە بۆ ماوەی هەفتەیەك یان مانگێك سەرقاڵ بیت بە ڕاستکردنەوەی خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە, تەنانەت پێشەوا ابن عثيمين ( رحمه الله) دەڵێـت: ئەگەر کەس نەبوو فاتیحەی فێربکات مەگەر بە پارە نەبێت وەکو چۆن ئەگەر ئاوی دەست نەکەوت بۆ دەستنوێژ مەگەر بە پارە نەبێت ئەوا دروستە پارە بدات بۆ فێربوونی. (( الإختيارات على الممتع )).

## فەرموودەی سی و پێنجەم: فەزڵی سورەتی( البقرة و آل عمران ):

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيُّ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: " اقْرَءُوا الْقُرْآنَ، فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ. اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ: الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ، فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ، أَوْ كَأَنَّهُمَا غَيَايَتَانِ، أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ، تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا. اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ، فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ، وَلَا تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ ". {رواهُ مسلم}.

(أبو أمامه الباهلی)(رضي الله عنه) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((قورئان بخوێنن، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و تکا دەکات بۆ خاوەنەکانی هەردووگوڵ ڕەنگەکە بخوێنن: (البقرة) و سورەتی (آل عمران) چونکە ئەم دووانە لە ڕۆژی قیامەتدا وەك دوو پەڵە هەور، یا وەك دوو سێبەر، یا وەك دوو پۆل لە باڵندە کە باڵیان ڕەپ کردووە ﴿لە ئاسمانا﴾ دێن بەرگری لەخاوەنەکانیان دەکەن. سورەتی (البقرة) بخوێنن چونکە خوێندنی پیت و بەرەکەتەو، وازلێهێنانی مایەی پەشیمانی و خەفەتە، کەسانی بێورەو کەمتەرخەم پێی ناوێرن و ناتوانن.

**لێدوان:** ووشەی ( الْبَطَلَةُ ) کەلە فەرموودەکەدا هاتووە واتە ساحر و جادووگەران.

## فەرموودەی سی و شەشەم: فەزڵی سورەتی ( الكهف ):

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ:

**" مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنَ [فتنة] الدجال"**. {رواهُ مسلمٌ وأبوداود}.

وفي رواية: **" مَنْ حَفِظَ مِنْ خواتيمِ سُورَةِ الكَهْفِ "**. وفي رواية: **" مِنْ آخِرِ الْكَهْفِ"**.

**(أبو الدرداء) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەركەس دە ئایەت لەسەرەتای سورەتی (الكهف) لەبەر بكات لە زیان وفیتنەی (دەجال) دەپارێزرێت)). لەڕیوایەتێكدا (( لە كۆتاییەكانی سورەتی الكهف )). لەڕیوایەتێكدا: ((كۆتایی سورەتی (الكهف)).**

عَنِ النَّوَّاسَ بْنَ سَمْعَانَ الْكِلَابِيَّ (رضي الله عنه) في الحديث الطويل، يَقُولُ: ذَكَرَ رَسُولُ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ الدَّجَّالَ: قال:" **فَمَنْ رَآهُ مِنْكُمْ، فَلْيَقْرَأْ عَلَيْهِ فَوَاتِحَ سُورَةِ الْكَهْفِ** ". {رواهُ ابن ماجةأ وصححه الألباني}.[1]

**واتە: لە نەواسی کوڕی سەمعانی کیلابییەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی دەجال فەرموویەتی: هەرکەس لە ئێوە دەجالی بینی با سەرەتای سورەتی ( الکهف )ی بەسەردا بخوێنێت.**

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ قَالَ:

**" مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ ".** {رواهُ البيهقي و حسنه الألبانيأ وشيخنا عبدالله السعد}.[2]

**واتە: لە ئەبی سعیدی خودریەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك لە ڕۆژی هەینیدا سورەتی ( الکهف ) بـخوێنێت ئەوا نورێکی بۆ ڕۆشنا دەبێتەوەو بۆی هەیە لە نیوان ئەو دوو هەینیەدا.**

---

[1] : صححه الألباني في " تخريج فضائل الشام برقم (٢٥), و الصحيحة برقم (١٧٨٠).

[2] : حسنه الألباني في مشكاة المصابيح برقم ( ٦٧/٢١٧٥ ).

**لێـــدوان:**

**کاتی خوێندنی سورەتی (الکهف ) لە دوای بانگی بەیانیەوە دەست پێ دەکات هەتا بانگی مەغریب ئەوە ڕۆژی شەرعیە بۆ موسڵمانان.**

## فەرموودەی سی و حەوتەم: فەزڵی سورەتی ( الملك ):

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَنَّهُ قَالَ: **" إِنَّ سُورَةً مِنَ الْقُرْآنِ، ثَلَاثُونَ آيَةً، شَفَعَتْ لِرَجُلٍ حَتَّى غُفِرَ لَهُ، وَهِيَ: {تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ}** . {رواهُ أحمداً وأهل السننً وقال الترمذي حديث حسنً و حسنه الألباني}.[1]

**واتە: لە أبو هریرەوە (رضي الله عنه) دەڵێـت: پێغەمبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: سورەتێك هەیە لە قورئاندا, کە سی ئایەتە, شەفاعەت بۆ خاوەنەکەی دەکات هەتا خوا لێی خۆش دەبێت, ئەویش** {تَبَارَكَ الَذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ} .

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ – رضي الله عنه – قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم:" **سُورَةُ تَبَارَكَ اۤهِيَ الْمَانِعَةُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ** " . {صححه الألباني في صحيح الجامع}.

١

---

[1] : حسنه الألباني في مشكاة المصابيح: برقم ( ٤٥/٢١٥٣ ).

واتە: لە عبداللە ی کوڕی مسعودەوە(رضي الله عنه) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: سورەتی ( تبارك ), ئەو سورەتەیە کە ڕێگرە لە سزای ناو گۆڕ.

## فەرموودەی سی و هەشتەم: فەزڵی سورەتی ( قل هو الله أحد ) و ( قل أعوذ برب الفلق ) و ( قل أعوذ برب الناس ):

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) ، أَنَّ رَجُلًا سَمِعَ رَجُلًا يَقْرَأُ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ يُرَدِّدُهَا، فَلَمَّا أَصْبَحَ جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، وَكَأَنَّ الرَّجُلَ يَتَقَالُّهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **" وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ القُرْآنِ "**. {رواهُ البخاريُ وأبوداودُ وأحمدُ وغيرهم}

واتە: لە أبو سعیدی خودریەوە(رضي الله عنه) دەڵێت: پیاوێك گوێی لە پیاوێك بوو لەناو نوێژدا سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ )ی دووبارە دەکردەوە, جا کاتێك ڕۆژ بوویەوە ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرد, وەکو بڵێی پیاوەکە ئەو دووبارەکردنەوەیەی بۆ ئەو تەنها سورەتە بەکەم دەزانی, ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ئەو سورەتە بەرانبەرە بە سێ یەکی قورئان.

---

[1] : برقم: ( ٣٦٤٣ ) وصححه أيضاً في الصحيحة برقم : ( ١١٤٠ ).

واتە ئەگەر قورئان بکەیت بە سێ بەشەوە ئەو سورەتە بەرانبەرە بەیەك بەش لەو سێ بەشە لە ڕووی مانا و پاداشتەوە.

عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنهما) :

" أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جَمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا: قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ". {رواهُ البخاري وأبوداود وغيرهما}.

واتە: دایکە عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) هەموو شەوێك کە دەچووە سەر جێگا بۆ خەوتن, هەردوو دەستی کۆ دەکردەوەو پاشان فووی پێیاندا دەکرد و ئەم سورەتانەی دەخوێند: قُلْ هُوَ اللّهُ أَحَدٌ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ, پاشان هەردوو دەستی دەهێنا بەسەر جەستەیدا ئەوەندەی بیتوانیایە, لەسەریەوە دەستی پێدەکرد و دەم وچاوی و بەشی پێشەوەی جەستەی, ئەم کردارەی سێ جار دووبارە دەکردەوە.[1]

[1] : زانای پایەبەرز ابن عثیمین (رحمە الله ) لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا لە صحیح بخاریدا دەڵێت: ڕووکەشی فەرموودەکە بەو شێوەیەیە کە ئەو سێ سورەتەی دەخوێند پێکەوە ئینجا فووی

## فەرموودەی سی و نۆیەم: فەزڵی ( آيةُ الْكُرْسِيِّ ):

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ:

وَكَّلَنِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِحِفْظِ زَكَاةِ رَمَضَانَ، فَأَتَانِي آتٍ فَجَعَلَ يَحْثُو مِنَ الطَّعَامِ فَأَخَذْتُهُ، فَقُلْتُ: لَأَرْفَعَنَّكَ إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قصَّ الحَدِيثَ بطولِهِ إلى أنْ قالَ لهُ الشيطان في الثالثة: دَعْنِي أُعَلِّمْكَ كَلِمَاتٍ يَنْفَعُكَ اللهُ بِهَا، قُلْتُ: مَا هُنَّ؟ قَالَ: إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ، فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ: فَإِنَّكَ لَنْ يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللهِ حَافِظٌ، وَلاَ يَقْرَبَنَّكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ، فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ، فَأَصْبَحْتُ فَقَالَ لِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«مَا فَعَلَ أَسِيرُكَ البَارِحَةَ»**، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، زَعَمَ أَنَّهُ يُعَلِّمُنِي كَلِمَاتٍ يَنْفَعُنِي اللهُ بِهَا، فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ، قَالَ: **«مَا هِيَ»**، قال: قَالَ لِي: إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ مِنْ أَوَّلِهَا حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ: {اللهُ لاَ إِلَهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥]، وَقَالَ لِي: لَنْ

---

بەدەستەکانیدا دەکرد و دەیهێنا بەجەستەیدا, پاشان ئەم کردارەی دووبارە دەکردەوە بەهەمان شێوە, پاشان سێ بارەی دەکردەوە بە هەمان شێوە. واتە : فوو پیاکردنەکە لە دوای خوێندنەکە بووە. والله أعلم.

يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللهِ حَافِظٌ، وَلاَ يَقْرَبكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ - وَكَانُوا أَحْرَصَ شَيْءٍ عَلَى الخَيْرِ - فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **«أَمَا إِنَّهُ قَدْ صَدَقَكَ وَهُوَ كَذُوبٌ، تَعْلَمُ مَنْ تُخَاطِبُ مُنْذُ ثَلاَثِ لَيَالٍ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ»**، قَالَ: لاَ، قَالَ: **«ذَاكَ شَيْطَانٌ»"**. {رواهُ البخاري}.

له ئەبو هورەیرەوە (﵁) دەڵێت: پێغەمبەری خـوا ﷺ منی کردە چاودێری پاراستنی زەکاتی رەمەزان, ئەوەبوو لەو ماوەیەدا کەسێك هات بەدەستی خواردنی دەبرد (بەدزیەوە) منیش گرتم و پێم ووت: دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خـوا ﷺ پاشان چیرۆکەکە بە درێژی دەگێڕێتەوە هەتا دەگاتە ئەو کاتەی کە بۆ جاری سێیەم دێتەوەو ئەمیش دەستبەسەری دەکات و ئەویش پێی دەڵێت: ئازادم بکە بەڵێن بێت کۆمەڵە ووشەیەکت پێ بڵێم خوای گەورە بەهۆی ئەو وشانەوە سوودت پێ بگەیەنێت, منیش ووتم ئەو وشانە چین؟ ئەویش ووتی: ئەگەر رۆیشتیتە سەر جێگا ئایەتی کورسی بـخوێنە, چونکە بەردەوام پارێزگارێکت بەسەرەوەیە لەلایەن خواوە, و هەتا رۆژیش دەکەیتەوە شەیتان نزیکت ناکەوێتەوە, منیش بەرەڵام کرد, کە رۆژبوویەوە پێغەمبەری خـوا ﷺ پێی ووتم: ئەسیرەکەت چی کرد شەوی ڕابردوو؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خـوا لافی ئەوەی لێ دەدا کە کۆمەڵێك ووشەم پێ دەڵێت بەهۆیانەوە خوا سوودم پێ دەگەیەنێت, منیش بەرەڵام کرد, پێغەمبەریش فەرمووی:

ئەو وشانە چی بوون؟ منیش ووتم: پێی ووتم ئەگەر رۆیشتیتە سەر جێگای خەوتن ئایەتی کورسی بخوێنە هەتا کۆتایی ئایەتەکە, و پێیشی ووتم: بەردەوام پارێزگارێکت بەسەرەوەیە لەلایەن خواوە, و هەتا رۆژیش دەکەیتەوە شەیتان نزیکت ناکەوێتەوە,

( وە هاوەڵان سوورترین کەس بوون بۆ فێربوون و ئەنجام دانی خێر و چاکە) ئیتر پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: ڕاست دەکات هەرچەندە خۆی درۆزنە, ئەی ئەبوهورەیرە دەزانی قسەت لەگەڵ کێدا دەکرد لەماوەی ئەم سێ شەوەدا؟ ووتم: نەخێر, فەرمووی: ئەوە شەیتان بوو.

## فەرموودەی چلەم: فەزڵی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی ( البقرة ):

عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْبَدْرِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " **الآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ البَقَرَةِ، مَنْ قَرَأَهُمَا فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ** ". {متفق عليه}.

واتە: لە ئەبی مسعودی بەدریەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی بەقەرە ئەوەی بیانخوێنێت لە شەودا بەسیەتی.

**لێدوان:** بەسیەتی, واتە لە شەڕ و خراپە دەیپارێزن و شتی ناخۆش و زیانبەخشی لێ دووردەخەنەوە.

# ناوەڕۆك

پێشەکی نووسەر.................................................. ١

چۆنێتی لەبەرکردنی فەرموودە.......................................... ٤

دەستپێکی کتێب.................................................... ٦

بەشی یەکەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی خوێندنەوەی قورئان ........................... ٨

فەرموودەی یەکەم: فەزڵی خوێندنەوەو شیکردنەوەی قورئان: ............... ٨

فەرموودەی دووەم: خوێندنەوەی یەك پیت لە قورئان بەرانبەرە بە دە چاکە ٩

فەرموودەی سێیەم : شەفاعەت کردنی قورئان بۆ خاوەنەکەی لە رۆژی دواییدا ................................................................ ١٠

فەرموودەی چوارەم: نموونەی قورئان خوێنی بڕوادار و دووڕو: .......... ١١

فەرموودەی پێنجەم: پاداشتی ئەو کەسەی قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێت و ئەوەشی زمانی تەتەڵە دەکات:.......................................... ١٢

فەرموودەی شەشەم: فەزڵی خوێندنی قورئان لە نوێژدا: ........... ١٣

فەرموودەی حـەوتـەم: فەزڵی ئەوانەی کردەوە بە قـورئان دەکەن: ....... ١٤

فەرموودەی هـەشـتـەم: فەزڵی خوێندنی سورەتی ( البقره ) لە ماڵدا: ... ١٦

فەرموودەی نـــۆیەم: فەزڵی ئەو کەسەی بە ئاشکرا یان بەنهێنی قورئان دەخوێنێت: ........................................................ ١٧

فەرموودەی دەیـەم: حەزکردن لە گوێگرتن لە قورئان:.................... ١٨

## بەشی دووەم: ئاداب و ئەحکامەکانی قورئـان ............... ١٩

فەرموودەی یازدەیەم: حەسوودی پێ بردنی خەڵکی بۆ ئەهلی قورئان:..... ١٩

فەرموودەی دوازدەیـــەم: چۆنێتی قورئان خوێندنی پێغەمبەری خـــوا ﷺ : ............................................................ ٢٠

فەرموودەی سیازدەیـەم: ئەو ماوەیەی کە قورئانی تێدا خەتـم دەکرێـت: ٢١

فەرموودەی چـــواردەیەم: سوونەت وایە ئەو کەسەی دەگات بە ئایەتی سەجدە سوژدە ببات: ........................................................ ٢٢

فەرموودەی پـــازدەیـەم: نادروستێتی دەنگ بەرزکردنەوەی قورئان خوێن ئەگەر دەوروبەری ئازاردەدا: ................................. ٢٣

فەرموودەی شازدەیەم: ڕەوشت و ئـاکـاری پێغەمبەر ﷺ: ................. ٢٤

فەرموودەی حـەڤـدەیـەم: دروستێتی خوێندنی قورئان بە سواری ئاژەڵەوە و
بە ئاوازەوە:........................................................ ٢٦

فەرموودەی هەژدەیـەم: نادروستێتی سەفەرکردن بە قورئانەوە بۆ خاکی
بێباوەڕان و دوژمنان ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو بکەوێتە دەستیان: ......... ٢٧

فەرموودەی نـــــۆزدەیەم: ئەو کەسە چی بکات کە قورئانی لێ تێکەڵ دەبێت
لەبەر توندی وەنەوز: ................................................ ٢٨

فەرموودەی بیســتـەم: ووتەی ئەو کەسەی قورئانی بەسەردا دەخوێنرێت بۆ
قورئان خوێن کە پێی بڵێ: بەسە:...................................... ٢٩

**بەشی سێیەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی**
**لەبەرکردنی قورئان و پاداشتی خاوەنەکانیان**................ ٣٠

فەرموودەی بیست و یەکەم: ئەوەی قورئان فێردەبێت و خەڵکی تریش فێر
دەکات لە باشترینی ئەم ئوممەتە وچاکترینێتی:............................ ٣٠

فەرموودەی بیست و دووەم: بەرزی پلەوپایەی ئەهلی قورئان ئەگەرچی کۆیلەش
بن: .................................................................. ٣١

فەرموودەی بیست و سێ یەم: ئەهلی قورئان ئەهلی تایبەتی خوای گەورەن: ٣٢

فەرموودەی بیست و چوارەم: فەزڵی خاوەن قورئان کاتێك دەڕواتە بەهەشتەوە: ........................................................ ٣٣

فەرموودەی بیست و پێنجەم: فەزڵی ئەو کەسەی قورئانی لەبەرە و ئەو پاداشتە گەورەیەی کە هەیەتی:.................................... ٣٣

فەرموودەی بیست و شەشەم: ڕێز وشکۆی ئەهلی قورئان و دوورکەوتنەوە لە ئەزیەت و ئازاردانیان: ................................................ ٣٦

## بەشی چوارەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە پێداچوونەوەی لەبەرکردنی قورئان و وابەستەبوون پێیەوە

........................................................................ ٣٧

فەرموودەی بیست و حەوتەم: وابەستەبوون بە قورئانەوەو وەبیرخۆختستنەوەی: ...................................................... ٣٧

فەرموودەی بیست و هەشتەم: پەیوەست بوون بەقورئانەوە بەشەو ڕۆژ ئەگەرنا بیردەچێتەوە:.................................................... ٣٨

فەرموودەی بیست و نۆیەم: کاتێك ئایەتێك یان سورەتێکی بیردەچێتەوە چی دەڵێت: ........................................................... ٤٠

**بەشی پێـنـجـەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ڕێگەدان: بە دەنگخۆشکردن لەکاتی خوێندنی قورئاندا.... ٤١**

فەرموودەی سی یەم: جوانکردن و خۆشکردنەوەی دەنگ لەکاتی قورئان خوێندندا بەگوێـرەی تـــوانا: ........................................ ٤١

فەرموودەی سی و یەکەم: ستایش کردنی کەسێك ئەگەر شایستەبێت و ئەگەری تووش بوون بەفیتنەی لێ دووربێت: ................................... ٤٣

**بەشی شەشەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە ئیخلاص و پاڵفتەکردنی کاروکردەوەکان تەنها بۆ خوا...... ٤٥**

فەرموودەی سی و دووەم: ئەوەی لە قورئان خوێندنەکەی نیەتی ریایی و پێش چاوی بێت:.................................................... ٤٥

فەرموودەی سی و سێ یەم: قورئان بەڵگەیە بۆت یان بەڵگەیە بەسەرتەوە: ٤٧

**بەشی حەوتەم: ئەو فەرموودانەی هاتوون سەبارەت بە فەزڵی هەندێك لە سورەتەکان.................................. ٤٨**

فەرموودەی سی و چوارەم: فەزڵی سورەتی فاتیحە: ......................... ٤٨

فەرموودەی سی و پێـنـجـەم: فەزڵی سورەتی( البقرة و آل عمران ): ....... ٥٠

فەرموودەی سی و شەشەم: فەزڵی سورەتی ( الكهف ): ...................... ٥١

فەرموودەی سی و حەوتەم: فەزڵی سورەتی ( الملك ): ...................... ٥٣

فەرموودەی سی و هەشتەم: فەزڵی سورەتی ( قل هو الله أحد ) و ( قل أعوذ برب الفلق ) و ( قل أعوذ برب الناس ): .................................... ٥٤

فەرموودەی سی و نـۆیەم: فەزڵی ( آيـةُ الْكُـرْسِيِّ ): .................... ٥٦

فەرموودەی چلـەم: فەزڵی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی ( البقرة ): ...... ٥٨